# چەتەکانی جەنگ وبرسێتی

عرفان کریم

پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتامبەر و لەکاتێک دا کە حکومەتی ڕاسترەوی سەربازی لە ئەمریکا ٤٠٠ ملیار دۆلاری بۆ خەرجی سالآنەی سەربازی وماشێنی جەنگی تەرخان کردوە و رۆژ بە رۆژ سیاسەتی شەرخوازانەو جەنگ نانەوە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهان دا پەرەپێدەدات لە ژێر بیانۆی ( قەلاچۆکردنی تیرۆر) دا، دەبینین لەم لاوە ئامارەکانی مردن لەبرسا داو لە بێدەرمانی لەئاستی جیهان دا هەتا دێ بەرەو ژوور دەچن و زیاتر دەبن.
زۆرن ئەو حکومەتانەی کەداهاتی وولآتەکان دەکەنە خەرجی سەربازی ودەزگا سەرکوتەکانی ئەمن وئاسایش لە جیاتی خەرجکردنی ئەم داهاتانە لە بواری خزمەتگوزاری یەکان ورەفاهییەتی کۆمەلگا، وە بێ شەرمانە ئەم حکومەتانە لەپێناو درێژە دان بەدەسەلآتی سەرکوتگەری دیکتاتۆری یان ملیارەها دۆلار سالآنە دەکەنە بۆدجەی وەزارەتەکانی (بەرگری) و (ناوخۆ) وسەرفی دەکەن.
وولآتێکی وەکو عێراق کە خاوەنی ڕێژەیەکی زۆر گەورەی سامانی نەوتە لەجیهان دا وسالآنە داهاتی ملیارەها دۆلاری لەم نەوتە دەستکەوتوە کەچی حکومەتی فاشیستی بەعس ٩٥% ی ئەم داهاتەی لە بواری پیشەسازی عەسکەری و میلیتاریزمکردنی کۆمەلگا و دروستکردنی دەیان دەزگای ئەمنی و جاسوسی دا تەرخانکردوە و لەکاتێک دا کە ئابلوقەی ئابووری گیانی هەزاران مندالی لە عێراق دا رۆژانە دەکاتە قوربانی ئەم حکومەتە فاشیستە خەریکی دروستکردنی قەسرەکانی سەدامی جەلاد و مزگەوتەکانە.
ئەگەر کەسێک بۆچەند رۆژێک لەتورکیادا ژیا بێت ئەوا رادەی هەژاری وبێ دەرامەتی خەلکی ئەو وولآتە دەبێتە مایەی سەرسورمان بۆی، بەلآم لەڕاستی دا حکومەتی ڕەگەزتپەرستی تورکیا سالآنە١٠ ملیار دۆلار لە بواری سەربازی دا خەرج دەکات و تەنیا لەشەری دژ بە (پ. ک. ک) دا زیاتر لە ٣٠ ملیار دۆلاری خەرجکردوە و ئەم وولآتە لە جیهان دا لە پلەی ١٤ دایە لەنێو ئەو حکومەتانەی کە خەرجی سەربازیان زۆرە، نمونەی لەم جۆرە حکومەتە چەتانە زۆرە لە جیهان دا.
بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ڕادەی کارکرد و ئاکامە دژی ئینسانی یەکانی چەتەگەرایی و تالآنی ی حکومەتە بۆرجوازی و سەرمایەدارەکان لە دزینی داهاتی وولآتەکان و کۆمەلگادا دەکرێ چاوێک لەم ڕاپۆرتەی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەین (١) .

* لەجیهان دا لە ماوەی هەر دەقەیەک دا ٣٠ مندال بەهۆی کەمی خۆراک و داودەرمانی پێویست گیانیان لەدەست دەدەن، لەهەمان ماوەدا واتە لە دەقەیەک دا ١. ٧ ملیۆن دۆلار بۆ کاروباری سەربازی خەرج دەکرێت.
* خەرجی بواری سەربازی بۆ هەر سەربازێک لەسەر ئاستی جیهان دا ٣١ هەزار و٤٨٢ دۆلارە، لە وولآتە پێشکەوتوەکان خەرجی هەر سەربازێک ١٢٣هەزار و ٥٤٤ دۆلارە و لە وولآتە تازە پێگەیشتوەکان ١٤٣ دۆلارە.
* کۆی خەرجی تەندروستی بۆ کەسێک لە سەر ئاستی جیهان ٢٣١ دۆلارە و لە وولآتە پێشکەوتوەکان هەزار و ٣٧٦ دۆلارە و لە وولآتە تازە پێگەیشتووەکان ٢٢ دۆلارە.

* لە کۆی دانیشتوانی جیهان دا لە سەدا ٤٠ کەدەکاتە ٢، ٥ ملیار ئینسان لەبارێکی تەندروستی خراب دا دەژین وە ئەگەر لەماوەی ١٠ سالی داهاتوودا بە پەلە هەنگاوی پێویست نەنرێت ئەوا ٢٠ ملیۆن مندال گیانیان لەدەست دەدەن.

* هەموو رۆژێک ٢٤ هەزار ئینسان لەبرسان دا دەمرن، ٨٠٠ ملیۆن کەس لەژێر مەترسی برسێتی دان لەوانە ٣٠٠ ملیۆنیان مندالن بۆ چارەسەرکردنی ئەم برسێتی یە ٢٤ ملیار دۆلار بەشدەکات *لە داهاتی سالآنەی هەموو جیهان دا و لە نێو دانیشتوانی جیهان دا ٨٤% بێ بەشن لەم داهاتە و تەنها ١٦% داهاتی جیهانیان لەژێر دەستایە و ئەم رێژەیەش رۆژ بەرۆژ کەمتر دەبێتەوە.

* لە جیهان دا لەهەر ٦ مندال مندالێک کاردەکات نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن مندال کەتەمەنیان لەژێر ٨ سالەوەیە لە بوارەکانی کاری قورس دا کاردەکەن.

* ٨ ملیۆن مندال لە بواری لەشفرۆشی و بازرگانی تلیاک دا کاریان پێدە کەن.

کۆمەلگای بەشەری و بەرەی ئازادیخوازی لە ئاست ئەم بەربەریەتە و ناعەدالەتی یەی سیستەمی سەرمایەداری لە جیهان دا دەبێ زەرورەتی مێژوویی هەلوەشاندنەوەو سەرەو ژێرکردنی ئەم سیستەمەو بنیادنانی کۆمەلگایەکی یەکسان وئازاد رۆژ بە رۆژ شێلگیرانەتر ئەم خواست وئامانجە بکاتە کارێکی چارەنوسسازی خۆی و ئەم دیوەزمەی مەرگە لە مەیدانی خەبات وتێکۆشان دا تێک بشکێنێ و فرِەیداتە نێو زبلدانی مێژووەوە.

١٠. ٠١. ٠٣

کۆلن ـ ئەلمانیا

---

(١) ئەم راپۆرتەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە رۆژنامەی (ئێفرەنسال) ی تورکی ژمارە ٥٣٥ ی رۆژی ٠٩. ٠١. ٠٣ بلآوکراوەتەوە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت